
# یاداشتەكەی نەوشیروان (زیان، شێوان، وازهێنان)



مەلا بەختیار

11/7/2013

( 1 )

**كەوتنەوە وێزەی یەكێتی**

**مەخابن، دوای ئەوەی دۆخی كوردستان ئارامیەكی شیاوی بەخۆیەوە بینیو نێوان یەكێتیو گۆڕانیش، ئومێدێكی خستە ناو خەڵك، لەپڕ، بەبێ هۆیەكی بەجێی سیاسی، بەبێ**ئەوەی تەنانەت «جڤات»ی گۆڕانو ژوورەكانیشیان، لەكۆبونەوە رەسمیەكانیاندا، بڕیاری هەڵمەتی راگەیاندنیان دژی یەكێتی پەسەندكردبێت، بەڕێز رێكخەری بزووتنەوەی گۆڕان، بێ پاساو، كەوتە وێزەی یەكێتیو لە مام جەلالیشەوە تێهەڵچوو. بەمەشەوە نەوەستا، یاداشتی ( 61) لاپەڕەیی ئەو ماوەیەی یەكێتیو پارتی گفتوگۆیان لەسەر هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانو سەرخستنی سەرۆك كۆمارو سەرۆكی هەرێم هەبوو، بڵاوكردۆتەوە. لەبەرئەمە، هەفتەیەكە، میدیای كوردی سەرقاڵی بڵاوكردنەوەی یاداشتی كاك نەوشیروان مستەفا، رێكخەری بزووتنەوەی گۆڕانە. كەتیایدا، یاداشتەكانی خۆی لەسەر پرۆسەی پێكهێنانی سەرۆكایەتی هەرێم، لەژێر تایتڵی (خولیای سەرۆكایەتی) بڵاوكردەوە
هەڵبژاردنی زەمانو زەمینەی بڵاوكردنەوەی ئەم یاداشتە، بەرۆشنی ئەوەمان تێدەگەیەنێت كە بەرێز رێكخەری بزووتنەوەی گۆڕان، بۆیە ئەم كاتەی هەڵبژاردووە، چونكە دڵنیایە دۆخی حزبیو سیاسیو كۆمەڵایەتی بزووتنەوەی گۆڕان، قۆناغ بەقۆناغ رۆدەچێ. ئەگینا لەساڵانی رابردوودا، ناكۆكی نێوان یەكێتیو گۆڕان، هەروەها نێوان مام جەلالو كاك نەوشیروان، لەئێستا خراپتر بوو، بەڵام لەبەرئەوەی رێكخەری بزووتنەوەی گۆڕان دۆخی بزووتنەوەی گۆڕانی بە چاكتر دەزانی، بۆیە ئەم یاداشتانەی بڵاونەدەكردەوە. ئێستا لەبەرئەوەی دەزانێت

-كێشمەكێشی ناو بزووتنەوەی گۆڕان هەتادێت بزووتنەوەكە لێكدەترازێنێت، لەسەركردایەتییەوە بۆ مەكۆكانو بازێڕەوانەكانیان، وازهێنان پەیتا پەیتا بەردەوامە

-لە سێ هەڵبژاردندا، یەكەمین هەڵبژاردنی دوای جیابونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان «هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان 2009/7/25» بۆ دووەمین هەڵبژاردنی دوای جیابونەوەی گۆڕان «هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق 2010/3/7» گۆڕان (19 هەزار دەنگ) دابەزی. سێهەمین هەڵبژاردنی دوای جیابونەوەی بزووتنەوەی گۆڕانیش «هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكانی دەرەوەی سنوری هەرێم (بەغدا، دیالە، سەلاحەدین2013/4/20 - نەینەوا 2013/6/20» لیستی گۆڕان، بەتەواوەتی تەپی

ئێستا كە لە سەروبەندی چوارەمین هەڵبژاردنی دوای جیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان نزیكدەبینەوە، بەدڵنیاییەوە، كاك نەوشیروان لە هەموو كەسێك باشتر دۆخی ناوخۆو دەرەوەی بزووتنەوەكە دەزانێت، بۆیە، وەكو سەرەتایەك بۆ دۆزینەوەی پاساو لە (2013/8/21) بۆ چۆنێتی هەڵوێست وەرگرتن لەسەر هەڵبژاردن، رێكخەر، نێوان یەكێتیو گۆڕانی، بەسەرسوڕمانەوە گەیاندەوە چوارگۆشەی یەكەمو كەوتۆتەوە وێزەی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان. هەڵبەتە ئەمەش بەڵگەی خۆی هەیە، كە بۆچی دیسان یەكێتی؟ چونكە:

-گۆڕان ناتوانێت لەسەر بنكە جەماوەریەكانی پارتی وەكو خۆی دەیەوێت كاریگەر بێت

-هەرگیزیش ناتوانێت، لە هێزە ئیسلامیەكان، بزووتنەوەكەی بە پەرۆشتر بۆ ئیسلام پیشان بدات

-لەسەرەتای جیابونەوەشیان ناتوانێت باشتر لەسەر دەنگدەری بێلایەنو رای گشتی كاریگەر بێت. چونكە، بۆ پێنج ساڵ دەچێت، سیاسەتی بێئەنجامی گۆڕان تاقیكراوەتەوە

کەوابێ، ئایەو مایە، ماوەتەوە یەکێتیو جەماوەرەکەی بکەوێتەوە وێزەیان، بەڵکو ئەمجارە هەم یەکێتی لەناو خۆیدا دوچاری قەیرانێکی دەروون حزبی بکات (کە مەحاڵە بیکات) یاخود لەم ڕێگایەوە هەوڵ بدات زۆرترین دەنگدەری یەکێتی بەلای بزووتنەوەکەدا رابکێشێت. کاک نەوشیروان دەیەوێت هەردوو ئامانجەکە بە تیرێك بپێکێت، سەرەنجام بەمەش گوایە هەم یەکێتی هەڵوەشێنێتەوەو هەمیش جەماوەرەکەی هەڵبلوشێت. بەڵکو بەحسابی خۆی لە دوائاکامدا بەتەنها روبەروی پارتی بمێنێتەوە. گەر وایشی لێهات، هەنگینێ کۆمەڵو یەکگرتوو بەتەواوەتی دەبنە پاشکۆی سیاسەتی ئەو. بەدڵنیاییەوە تەواوی ئەو لێکدانەوانە ناڕاستن.

( 2 )

بۆ ئەمجارە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی!!

جارێ با ئەوە رونبکەینەوە کە دوو هەفتەیەکە لە کۆبونەوە داخراوەکاندا، رێکخەر، بۆ بەرزکردنەوەی ورەی ریزەکانی گۆڕان، پەیتا پەیتا دوپاتی دەکاتەوە کە، تەواوی توانای دەخاتەکار کە یەکێتی هەڵبوەشێنێتەوە. هەروەکو یەکێتی، بەچەشنێ دۆخی خراپ بوبێ، تەنها پاڵپێوەنانێکی رێکخەری مابێ!

لەبەرامبەر ئەم سیاسەتی رقهەڵڕشتنەی بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی، بێگومان، دڵنیاین، ئەم سیاسەتەش، جگە لە زیانی گەورە لەبزووتنەوەی گۆڕانو کەمێکیش زیان بەیەکێتی گەیاندن، هەروەها پتر بوار رەخساندن کە هێزە ئیسلامگەراکان ناکۆکییەکان زیاتر بقۆزنەوەو پارتیش لە هەڵبژاردندا سوودی لێوەربگرێ، ئەمە جگە لەسەرقاڵکردنی خەڵك بە شەڕی قینەبەرایەتییەوە، جگە لەو ئەنجامانە، بڕیارەکانی رێکخەر، هیچی دیکەی لێ سەوز نابێتەوە. چونکە، بزووتنەوەی گۆڕان دوای جیابونەوەی، پێی وابوو یەکێتی دەکاتە هێزی لاوەکی، پێینەکرا. پاشان خۆیان بۆ ئەوە ئامادە دەکرد، دوای نەخۆشکەوتن، یان دوورکەوتنەوەی مام جەلال، یەکێتی ببێتە چەندین باڵو ئاکام بەشی زۆری یەکێتییەکان بخەنە ژێر رکێفی خۆیان. یەکێتی بەکردەوە سەلماندی ئەمەش خەیاڵە. باشترین بەڵگەش هەم ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی دەرەوەی سنوری هەرێمە، هەم یادی38 ساڵەی پڕ شکۆی یەکێتیە. ئەم دوو رووداوە، بەدڵنیاییەوە، رێکخەرو بەشێکی تازە پلە پێبەخشێنراوەکانی لێکۆڵینەوەکانی ژوورەکانی بزووتنەوەی گۆڕانی گەیاندۆتەوە ئەو قەناعەتە، رێگایەکی تریان لەبەردەم نەماوە، تەنها گەڕانەوە نەبێت بۆ چوارگۆشەی یەکەمی جیابونەوەیان لە یەکێتیو بەرپاکردنی ئاژاوەی شەڕێکی دەروونی بەرامبەری. ئەمجارەیان بەحسابی خۆیان بە بەڵگەو بەڵگەنامەوە دابەزیونەتە مەیدان. تەواوی ئەم هەڵڵاو بگرەیەش بۆ سەرقاڵکردنی گۆڕانە بە ناکۆکییەکانی دەرەوەی گۆڕان، دوای ئەوەی کێشەکانی ناو گۆڕان گەیشتنە رۆخی دۆخی ترسناك بۆ بزووتنەوەکە. لەبەرامبەردا دەڵێین: ئەمەش دوا تیری کەوانیانە، با بیهاون. لە هەڵبژاردندا بۆیان دەردەکەوێت ئەم تیرەشیان چۆن ژەنیوەتە زاخاوی رقەوە، بۆیە ئامانج ناپێکێت

لەم یاداشت بڵاوکردنەوەدا، رێکخەری گۆڕان، گوایە دەیەوێت وای پیشان بدات کە (مام جەلال)ی سکرتێری گشتی یەکێتی، خولیای سەرۆکایەتی بووە. ئەگەرچی لە دووتوێی رۆژانەی یاداشتەکەیدا پێچەوانەی ئەم قسەیەش دەسەلمێنێت. پێش ئەوەی پێچەوانە سەلمێنراوەکەی ئاماژە پێ بکەین، دەڵێین: با کاك نەوشیروان ناویشی نابێت (خولیای سەرۆکایەتی) بەڵام لە ویژدانی خۆیو هەموو خاوەن ویژدانێك دەپرسین

-ئەوساو ئێستاش، ئایا مام جەلال، لە کەسە هەرە شایستەکانی پۆستی سەرۆکایەتی عیراق نەبووەو نییە؟

-ئایا مام جەلالیش، مرۆڤ نییە؟ لە ژیانی سیاسی خۆیدا بۆی نییە پاداشتی رەنجو ماندوبونی نیو سەدە خەباتی خۆی بچنێتەوە؟

-ئایا پۆستی سەرۆك کۆماری عیراق، شایستەی کورد نەبوو، هەتا قۆناغی سواڵی دەستکەوتی سیاسی کورد کۆتایی پێبێتو کورد ببێتە شەریکی راستەقینە لەعیراقدا؟

-ئایا کێ دژی هەڵبژاردنی مام جەلال بوو بە سەرۆکی عیراق، لەناو عیراقدا؟

-ئەگەر مام جەلال نەبوایە بە سەرۆك کۆمار، لەباتی ئەو سەرۆك کۆمارێکی سونیگەرا دابنرایە، چەند جاری تر بڕیاری پەرلەمان ڤیتۆ دەکرا؟

-بوونی مام جەلال لە سەرۆك کۆماریدا، چەند بوو بە مایەی روونەدانی شەڕی تایفیو چارەسەرکردنی کێشەگەلێکی زۆری عیراقو دەستکەوتێکی زۆریش بۆ کورد؟

-سەرۆك کۆماریی مام جەلال، چەند سەنگی بۆ عیراقو بۆ کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیو ناوچەییو نێونەتەوەیی هێنایە دی؟

-ئەگەر مام سەرۆكو خوشكوبرایانی تر لە حکومەتی عیراقدا سەنگو کاریگەرییان نەبووایە، دەمێك بوو پەلاماری خانەقین نەدەدراو کەرکوکیش دوچاری کێشەی قوڵتر نەدەکراو شەنگار و دەوروبەریش زیاتر؟

( 3 )

مەحەك ئەنجامە، نەك یاداشت

لە سیاسەتو پۆستی دەسەڵاتدا، ئەنجام مەحەکن. هەموو ئەو ئەنجامانە سەرەنجامی سەرۆك کۆمارێتی مامو باقی پۆستەکان، هاتوونەتەدی، هەر بەهۆی ئەو سەرکەوتنانەوە، مام جەلال بوویە کەسایەتییەکی گەورەی مێژوویی کوردستانو عیراقو ناوچەکە، بەڵکو لەجیهانیشدا، کەچی تازە تازە، کاك نەوشیروان لەبری ئەوەی بۆی دەرکەوتبێ لەکاتی خۆیدا هەڵسەنگاندنی روداوەکانو گفتوگۆکانو نووسینی یاداشتەکانی هەڵە بووە، هەروەکو بۆچوونەکانی هاتبنەدی، بەشانازییەوە بڵاویان دەکاتەوە. ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرێزی بۆچوونەکانی بێنەدیو نەیەنەدی، هەرخۆی بەراست دەزانێتو بەس

بۆ ئەوەی بۆچوونە ناکۆکەکانیش بخەینەڕوو، کاك نەوشیروان، لەکاتێکدا زۆر دژی بۆچوونەکانی سەرۆکی هەرێمو پارتی، یاداشتەکانی پڕکردۆتەوە، کەچی کاتێك دوای مشتومڕێکی زۆر، پرۆسەکە دەگاتە ئەنجام، هەموو قسەکانی پێشووی بیردەچێتەوەو دەکەوێتە ژێر کاریگەری سەرکەوتنی رێکەوتنە سیاسییەکانو چەسپاندنی سەرۆك کۆماری عیراقو سەرۆکی هەرێم، هەربۆیە لەسەر هەڵبژاردنی بەرێز بارزانی لە لاپەڕە (52)دا دەڵێت:

»هەڵبژاردنی بەڕێز بارزانی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمو سوێندخواردنی یاسایی لەبەردەم ئەنجومەن دا، گۆڕانێکی گرنگە لە هەرێمی کوردستان دا، گۆڕانە بەرەو بەدامەزراوکردنی داوودەزگاکانی حوکمڕانی لەکوردستان دا، بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی داوودەزگا.«

( 4 )

وتنی ئەوساو دژایەتی ئێستا

سەبارەت بە هەڵبژاردنی مام جەلالیش بۆ سەرۆك کۆماریی، یاداشتەکە پڕە لە تانەو تەشەر، بەڵکو بەشی زۆر رۆژانەکە، دەریدەخەن کە کاك نەوشیروان دەمێکە کێشەی شاراوەی بەرامبەر مام، لە دەروونو ئەندێشەیدا پەنگ داوەو بۆ هەل گەڕاوە. کە یاداشتەکەم ورد خوێندنەوەو لە لێکدانەوەی جیاواز و ناکۆکەکانی، کە ئەگەر لەبەر بارودۆخەکە نەبێو، ئێستاش پەرۆشیی چارەسەرکردنی کێشەکان نەبین، بەش بەحاڵێ خۆم دەتوانم کتێبێکی گەورە لەسەر دەیان هەڵەی مێژوویی، سیاسی، رقەبەرایەتیو چۆنیەتی گێڕانەوەی رووداوەکان لەسەر ئەم یاداشتە بنووسم. دڵنیام زۆری تریش هەن دەتوانن. بۆ نموونە، هەر خودی نووسەری یاداشت کە دێتە سەر گرنگی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارو پۆستەکانی تر، ئەمەی خوارەوە لە وتاری (بەڵێ ململانێیە لەسەر دەسەڵات، بەڵام چ جۆرە دەسەڵاتێ؟) لە لاپەڕە (42) دا دەنووسێت:

»وەکو عەیبێکی گەورە بێ، هەندێ جار هەندێ کەس، بەتایبەتی لەوانەی، بێ باكو بێ پەروا، مل لە نوسینی وتارو کۆلکە وتار ئەنێن، حزبەکانی کوردستان تاوانبار ئەکەن بە ململانێی دەسەڵاتو، دابەشکردنی پۆستو پایەو وەزارەتو داوودەزگا گرنگەکان ئەم کارە ئەگەر جێگەی ناڕەزاییو سەرسوڕمانی کەسانێ بێ کە بەدرێژایی تەمەنیان لەکوردستان دورنەکەوتونەتەوەو، ئاگایان لە تەجروبەی وڵاتانی دنیا نیە، هەر نەیسە، ئەشێ بەئاسایی وەربگیرێ، بەڵام سەیر ئەوەیە هەندێ لەو خۆ بە رۆشنبیرزانانەی لە ئەوروپا خوێندویانە، یاماونەتەوە، یا کەمو زۆر لە جۆری دابەشکردنی نەخشەی سیاسی حزبەکانی ئەو وڵاتانە ئاگادارن، ئەوانیش بەناڕەزاییەوە، بگرە هەندێ جار بە وشەی قێزەونو دزێو، هەوڵ ئەدەن بیروبۆچونەکانیان سەبارەت بە تاوانبارکردنی حزبەکانی کوردستانو سەرکردەکانیان دەرببڕن«

ئەم بۆچونە، وەکو وردەکاری هەلومەرج، دیالۆگ لەسەر چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، وەڵامدانەوەی هەموو ئەو نووسەرو نووسینانەیە، کە بە هەڵە لە پێویستی مێژوویی هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆمارو هەرێم تێگەیشتبوون. بەداخەوە، دوای جیابوونەوەی گۆڕان، نەك هەر چاوپۆشی لەو نووسەرە (بێ باك و بێ پەروا) و (کۆلکە وتار)انە کرا، بەڵکو هەتا ئێستاش، گۆڕان یارمەتیو دنەیان دەدات، رۆژنامەی رۆژنامەی بۆ خستنە گەڕ، سایتی بۆ کردونەتەوە، بەڵکو بەشێك لە نووسەرو هەڵسوڕاوەکانی گۆڕان بەناوی خوازراویشەوە هەمان رەوتی نەخوازراوی دونیای رۆژنامەگەری لە دەرەوەو ناوەوە پەیڕەو دەکەن، کە بەڕێز رێکخەری گۆڕان، زیاتر لەوەش، لە لاپەڕە (42)دا ئەمەی خوارەوەیان پێدەڵێت:

»رەنگە ئەوانە چەند جۆرێ بن:

هەندێکیان، ئەوانەن بەگەورەیی لەکوردستانەوە رۆیشتوون وەکو خۆیان ماونەتەوە، کەڵکیان لە سوودە دارایيو مادییەکانی وڵاتانی ئەوروپی وەرگرتووە، بەڵام کەڵکیان لە تەجروبە سیاسییەکانیان وەرنەگرتوە لەسۆنگەی زۆر شتەوە، لەسەرو هەموویانەوە نەزانینی زمان، شتێکی ئەوتۆ فێرنەبوون

هەندێکیان، داخ لەدڵن. لەدڵی خۆیاندا پێیان ناخۆشە بەکورد لەدایکیان بوون. لەبەرامبەر ئەوروپییەکاندا هەست بە گرێی سایکۆلۆژجی (خۆبەکەمزانین) ئەکەن. هەموو شتێکی کوردیان پێ خراپەو هەمو شت رەتئەکەنەوە. رەتکردنەوەیان لێ بوە بە خو هەندێکیان، لایەندارن، خۆیان، خێزانەکەیان، بنەماڵەکەیان، یا تەنانەت عەشیرەتەکەیان پێشیینەیەکی سیاسی یا پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەکێ لە حزبەکان هەبوە. رەنگە کوژراویشی هەبێ. ئەمانە زۆر جار بێلایەنی لەدەس ئەدەن بەو (هەوا) یە ئەدوێن، کە لەو رابوردووەوە دێ

هەندێکی تریان، باسو بابەت، وتار و لێکۆڵینەوو پێشنیاری باشو بەکەڵك ئەنوسن. هەندێ لەوانەی کە لەکوردستان لە ناوەندەکانی بڕیاردانی سیاسییەوە نزیکن کەڵك لە بیروبۆچونەکانیان وەرئەگرن«

دەپرسین لەدوای جیابوونەوەی گۆڕان، چ گۆڕانکارییەك بەسەر ژینگەی ئەو نووسەر و نووسینانەدا هات، کە وای لە گۆڕان کردبێ، بە چاوپۆشیی لە هەموو ئەو قسانە پشتیوانیان بکات؟ بەڵکو دەتوانین بڵێین لەدوای جیابوونەوەیان، هەروەك دۆخی سیاسی لەکوردستاندا ئاڵۆزتر بووە، رەوتی میدیای کوردیش، زیاتر شێواوە. کاریگەری خراپیشی لەسەر ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیو چارەسەری سیاسیش داناوە. تەنانەت هاوسەنگەری لە هاوسەنگەر، برای لە برا، خوشکی لە خوشك، کەسوکاری لە کەسوکارو هەتاڕادەی لێکترازانی بنەماڵەکانیش، جیابوونەوەی گۆڕان، کاریگەری نالەباری هەبوو. ئەمە جگە لە بەهێزترکردنی هێزە ئیسلامگەراکانو زیاتر باڵادەست بونی پارتیش

( 5 )

لەمەیاندا.. راستە بەڵام بانێکەو دوو هەوا

دەمەوێ بۆ مێژوو بیڵێم: لەدوای خوێندنەوەی ئەم یاداشتە، باشتر هاتەوەبیرم، کە کاك نەوشیروان لەو مشتومڕانەی لەسەر سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی هەرێم، چۆن بیری کردۆتەوەو لایەنگری سیستمی پەرلەمانی بووە. ئەمە بەخاڵێکی پۆزەتیف بۆی تۆمار دەکرێت. بەڵام بەداخەوە، لەدوا مشتومڕەکانی پەرلەماندا، بەڕێزی لەسەر سیستمی سەرۆکایەتی رازی بووە. دیارە بەڕێزیشی جێگری سکرتێری گشتی بووە (نەك وەك من ئەوسا تەنها ئەندامی ئیحتیاتی مەکتەبی سیاسیو لێپرساوی رێکخراوە دیموکراتیەکان بووم) لەزۆربەی کۆبوونەوەکانی نووسینی پاکنووسی دەستوریشدا، منی تێدا نەبووم. نەك هەر هێندە، بەڵکو دوای جیاکردنەوەی گۆڕانیش، لەپەسەندکردنی پڕۆژەی دەستووردا، کە ئێستا مشتومڕی زۆری لەسەر دەکەن، فراکسیۆنی گۆڕان، دەستیان بۆ هەڵبڕی. پاشان، پەشیمانبوونەوە. بەش بەحاڵی خۆم بەئاسایی دەزانم، بەبڕیارو بەرنامەیاندا، خۆیانو ئیسلامگەراکانی هاوپێناویان بچنەوە هەتا سیاسەتی نەگەتیڤی ئۆپۆزسیۆن بەهێزبکەن. ئەمە، ئاساییە. بەڵام ئەوەی نائاساییە، بەشێك لەبۆچوونەکانیان بەشێوەی «سازان» بشیەتەدی، هەر دژبنو بەڵکو دۆخەکە خراپتر بشڵەژێنن

ئۆپۆزسیۆنی جیهانی دیموکرات، کە ئامانجەکانیان هاتەدی، هەست بەشانازی خزمەتکردنی دیموکراسیو نەوەکانی ئاینده دەکەن، نەك دۆخی سیاسی خراپتر بکەن. ئاخر ئەمە جیاوازی، سیستەمو کۆمەڵێکی دیموکراتی هوشیار، لەگەڵ سیستمێکی تێپەڕیوو بەقۆناغی گوزەری دیموکراسی، هێشتا رای گشتی پەروەردە نەکراوی دیموکراسی.. بەپێی فەلسەفەی راستەقینەو چەمکی هاوچەرخی دیموکراسی.

( 6 )

وەزیری پیشەسازی وابوو

سەبارەت بەوەش کە لەسەر کارامەییو ناکارامەیی وەزیرەکانی کوردو پۆستدارەکان لەبەغداد، هێرشێکی توندیان دەکاتە سەرو بەکەسانی کار لەدەستنەهاتووی کە گوایە هیچیان بۆ کورد پێنەکرابێ، لە لاپەڕە (38) دا دەڵێ:

»وەزیرە کوردەکانی یەکەمین وەزارەت، کە پاڵێوراوی پارتیو یەکێتیو یەکگرتووبوونو وەزیرە کوردەکانی دووەمین وەزارەت، کە پاڵێوراوی پارتیو یەکێتی بوون.. چییان بۆ کورد بەدەس هێناوەو چییان بۆ کوردستان ئەنجامداوە. ئایا هاووڵاتییانی کوردستان هەست بەوە دەکەن لەبەغداد وەزیریان هەیەو لەبەغداد شەریکێکی راستەقینەن لەکاروبارەکانی حکومەتی عیراقدا. کامانەن ئەو پرۆژانەی ئەوان، لەڕێگەی وەزارەتە ناوەندییەکانی بەغدادەوە، بۆ کوردستانیان ئەنجامداوە یا داناوە؟ کامانەن پرۆژەکانی ژێرخانی ئابوریو، کامانەن پالاوگەکانی نەوتو، ئیستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەباو، هێڵی ئاسنینو پردو رێگاوبانە ستراتیجییەکان؟«

لێرەدا دەپرسین: لەخولی یەکەمی حکومەتی عیراق یەکێك لەوەزیرە کوردەکان لەبەغدا، کە یەکێك لەگرنگترین وەزارەتەکانی عیراقی گرتەدەست، ئەویش وەزارەتی پیشەسازییە، کاك محەمەد تۆفیق رەحیم بوو. ئاخۆ وەزارەتی پیشەسازی کە دەیان ملیار دۆلار بودجەی بوو، وەزیرەکەی بەنوێنەرایەتی کوردو یەکێتی دانرابوو، ئەوکاتە جگە لەکوردستان، باقی ناوچەکانی عیراق کەمترین بواری بوژانەوەی پیشەسازی تیابوو. دەپرسین

ئەم وەزیرە بەڕێزەی کورد، کە ئێستا دووەم کەسایەتی بزووتنەوەی گۆڕانە، لەو ساڵانەی وەزیریدا، ئایا

-کارگەیەکی ستراتیجی لەکوردستاندا بڕیارداوە؟

-پرۆژەیەکی پیشەسازی کە ژێرخانی ئابووریی کوردستان پتەو بکات، پەسەندکردووە؟

-یارمەتی تاقە کۆمپانیایەکی کوردی بێلایەنیشی داوە؟

-تەنانەت کارگەی کلێنکسیشی لەکوردستان دامەزراندووە؟

-ئاخۆ، بچووکترین کارئاسانیی بۆ پیشەسازی لەکوردستاندا کردووە؟

-ئەگەر لەسێ پارێزگاکەی هەرێمدا نەیتوانیبێ کارێکی ئەوتۆی پیشەسازی بکات، ئەی لەکەرکوك؟ ئەی لەخانەقین؟ ئەی لەشەنگار؟ ئەی لەمەخمور؟ ئەی لەدوزخورماتو؟ ئەی لەجەلەولاو سەعدیەو مەندەلی؟ ئایا بچووکترین هەنگاوی ناوە؟

هەموو کەسێك دەزانێت ئەم وەزیری پیشەسازییە، هیچی ئەوانەی نەکردووە. ئەگەر شتێك کرابێ، جەنابی سەرۆك کۆمارو جێگری سەرۆك وەزیرانو باقی وەزیرە کوردەکان، لەکوردستاندا کردویانە. باشە، بۆچی کاك نەوشیروان، لەمام جەلال-ەوە تا دوا کەسی ناو یەکێتی، دادەشۆرێ، بەڵام کە دێتە سەر وەزیری پیشەسازیو هاوپێناوەکانی تری، توخنیان ناکەوێت. ئایە دەشێ.. بانێكو دوو هەوا بێ؟!

( 7 )

رازیبوونی تاڵەبانیو دەعوای ناحەق

لەبەشێکی یاداشتەکەیدا، بەڕێز نەوشیروان، نوکی قەڵەم دەچەقێنێتە ویژدانو بێ پەروا لەئۆباڵی مێژوو، بێ سڵەمینەوە لەخەباتی هاوبەشی هەمووممان، بێ گوێدانە ماندوبوونی هەڤاڵو هاوسەنگەرەکانی، لە لاپەڕە ( 50 و 51)دا ئەمەی خوارەوە دەگێڕێتەوە:

»هەندێ لەئەندامانی م س لەماوەی رابوردودا چاپلوسییان بۆ تاڵەبانی ئەکردو، بۆئەوەی لەدابەشکردنەوەی پلەوپایەکانی قۆناغی تازەی داوودەزگاکانی عیراقو کوردستاندا جێگەیەکیان بەر بکەوێ، بیانویان داتەئاشی بۆئەوەی هەرچی زوتر قانونی سەرۆکایەتی هەرێم، بەوجۆرەی سەرکردایەتی پارتی داوایان کردبو، پەسند بکرێو، خۆیشیان ئەیانزانی داکۆکی لەبابەتێکی ناڕەوا ئەکەن بەقازانجی یەکێتی نیە. سەرەڕای ئەوەش هەندێکیان، هەندێ جار، مەراییان بۆ مەسعودو نێچیروان ئەکرد ئەمانە هەریەکەیان مەبەستێکی تایبەتی خۆیان هەیە

کۆسرەت رەسول، ئەیەوێ ببێتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی یەکگرتوی هەرێم یان ببێتە جێگری سەرۆك

د بەرهەم ساڵح، ئەیەوێ ببێتە وەزیری دەرەوەی عیراق یان جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق

د فوئاد مەعسوم، ئەیەوێ ببێتەوە بەئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقو کچەکەی ببێتەوە بەوەزیر

عەدنان موفتی، ئەیەوێ ببێتە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

عیماد ئەحمەد، ئەیەوێ ببێتە وەزیر لەحکومەتی یەکگرتوودا

ئەرسەلان بایزو مەلا بەختیار، ئەیانەوێ تاڵەبانی لێیان رازی بێو، لەشوێنەکانی خۆیان دا بمێننەوە. بە (ئاگاییەوە) بوونەتە پارێزەری (دەعوایەکی ناحەق«(

جارێ ئەوەی کەمێك دیقەت لەو ناوانەی سەرەوە بدات، بەئاسانی بۆی دەردەکەوێ، هەر ئەوسا ساڵەها پێش جیاکردنەوەی گۆڕان، کاك نەوشیروان، رێکخستنی لەناو رێکخستنی یەکێتی دروستکردووەو لەیادشتەکەیدا، هەموو ئەوانەی بواردووە، کە تەکەتولی خۆی بوون لەمەکتەبی سیاسی، وەکو بەڕێزان:1- عومەری سەید عەلی.2- محەمەد تۆفیق رەحیم.3- عوسمانی حاجی مەحمود.4- جەلال جەوهەر.5- مستەفای سەید قادر.6- قادری حاجی عەلی.

لەسەرکردایەتیشدا وەکو بەڕێزان: 1- ئاسۆ عەلی. 2- سەفینی مەلا قەرە. 3- عوسمان بانی مارانی. 4- شەماڵ عەبدولوەفا، 5- جەمال حاجی محەمەد.

کەسێك لەو پلەوپایەو بەرپرسیارێتیەی کاك نەوشیروان، یاداشتەکانی ئاواهی ئارەزومەندانەی نووسیبێتو رووداوەکانی بەوشێوەیە لەڕوانگەی تەکەتولو بەرنامەی جیاکردنەوەی یەکێتی لەدوارۆژدا، لێکدابێتەوە، ئێستا، دوای باشتر دەرکەوتنی راستیەکانیش، بێ دەستکاریکردن، بۆ رای گشتیش بڵاویان بکاتەوە، ئاخۆ چۆن دەبێت باوەڕ بەبڕیارو بۆچوونەکانی تری بەبێ وەڵامدانەوە بکرێت؟!

( 8 )

یاداشتو مێژووی ئارەزوو

مێژوو بەئارەزوو نانووسرێت. یاداشتیش بەڕق تۆمار ناکرێت. لەیاداشتو مێژوونووسیندا، رووداوو بەسەرهاتەکان وەکو هەن، دەبێت بنووسرێن، نەك وەکو دەویسترێن

دڵنیام هەڤاڵانی تر، وەڵامیان ئێستا یان لەکاتی خۆیدا دەبێت. بەڵام بەش بەحاڵێ خۆم تەنها لێرەدا هێندە دەڵێم: (ئەگەرچی ساڵەها لەیەکێتیش لەسەر هەڵوێست نەك چاپلۆسی جیابوومەتەوە) کەسێکم رێزی جەنابی مام جەلالم زۆر لەلایە. تەنانەت لەدوای جیابوونەوەش. شایەتیشم زۆرنو زیندوشن، کە ئێرە کاتی وردەکاری ئەو باسانە نییە

لێرەدا سەبارەت بە (چاپلۆسی) بەش بەحاڵی بەندە، بیری کاك نەوشیروانو ئەو برایانەی دەخەمەوە کە ئێستا لەبزووتنەوەی گۆڕانن، یان وازیان لەبزووتنەوەکە هێناوە. چەند جار رووبەڕوو لەگەڵ خۆم باسیان کردووە، کە کەسێکم لەو کەسانەی لەبەرامبەر مامو لەکۆبوونەوەکاندا بیروڕای خۆم بەڕاشکاوی دەردەبڕم. کاتی خۆیشی لەشاخدا، کە کەم کەس مابوو کاك نەوشیروان، بەگژیدا نەچوبێتەوەو کەسایەتی نەشکاندبێ، لەو کەسانە بووم، سەرەنجامی ماندووبوونو راپەڕاندنی ئەرکەکان، حساب بۆ قسەکانم نەکاتو رێزم لێ نەگرێ. ئاکامی ئەم بەڕاشکاوی دەربڕینەی بیروڕاش بوو، چ لەکۆبوونەوەو چ لەکۆڕەکانو چ لەنووسینەکاندا، لەدوای یەکگرتنەوە لەساڵی ( 1993)ش هەتا بەستنی دووەمین کۆنگرە ( 2001) من ڤیتۆم لەسەربوو ببمە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. یەکێك لەو کەسانەی بەردەوام دژم بوو بکرێمە مەکتەبی سیاسی، خودی کاك نەوشیروانە. مام جەلالیش لەبەرئەوەی نەکا کاك نەوشیروان وای لێکبداتەوە دژی ئەو بۆ مەکتەبی سیاسی کاندید کرابم، بواری دا چەندین کەس بەسەر شانی مندا بۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرزببنەوە، کە خودی خۆیان دەیسەلمێنن، من یا لە ریزەکانی یەکێتیدا رێکمخستوون، یان لەکۆمیتەکانی خوارەوە بەرپرسیاریان بووم، یاخود پێش زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەوسا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بووم

شەرمێکی سیاسی گەورەیە، مرۆڤ لەسەر مەسەلە بنچینەییەکانی سیاسەت، لەکەسایەتی یەکەمی حزبەکەی، یان لەبەر هەر هۆیەکی تری پلەوپایە بێت، بۆچوونی خۆی دەرنەبڕێت

لەوەش زیاتر، شەرمەزارییەکی سیاسی گەورەیە، لەبەر مەرامو کینە، رێز لەڕابەری حزبەکەتو شۆڕشەکەت نەگری، بەڵکو بەبێ هۆی ئایدیۆلۆژیو سیاسی، نەخشەدارێژێ بیشکێنێ .

چەند جارێك لەشاخو لەشار، کە لەگەڵ بۆچوونەکانی جەنابی مام جەلال کۆك نەبوومو مام کاردانەوەی هەبووە، بەردەوام کاك نەوشیروان لەکۆبوونەوەکانی ناوەندی کۆمەڵە، پێی وتوم: حەق نییە بەو شێوەیە بیروبۆچوونەکانت دەربڕیتو مام جەلال عاجز بکەیت. لەشاریش هەروەها.

هیچی لەبیر نەبێ کاك نەوشیروان، کاتێك یاداشتەکەیان بۆ مام جەلال نووسی، باشی لەبیرە منو کاك دلێری سەید مەجید یاداشتەکەمان بۆ مام جەلال برد. بیرمە، دوای کاتژمێر 12 ی شەوی 12|11ی 2004/10 بوو لەقەڵاچوالان یادشتەکەمان گەیاندە مام، پێش ئەوەی بیخوێنێتەوە، سەرەتا تەنها سەیری ناوەکانی کرد، داخی بۆ هەندێکیان هەڵکێشا، روویکردە من، وتی

-مەلا بەختیار تۆ دەڵێی چی؟

منیش وتم:

-مام، ئەم هەڤاڵانەی یاداشتەکەیان نووسیوە، هەندێکیان هاوڕێی تەمەنی سیاسی جەنابتن. بەڕای من یاداشتەکە بەوردی بخوێنەرەوە، رەخنەی راستی تیایە، بۆچوونی باشیشی تیایە، راستو باشەکان بسەلمێنەو جێبەجێشیان بکە. ئەوەی دەشتوانی بیسەلمێنیت وا نییە، لەگەڵ خۆیاندا دانیشە بۆیان رونکەرەوە، کە پێچەوانەکەی راستە

کاك دلێری سەید مەجیدیش پشتیوانی قسەکانی کردم

بۆ مێژوو دەڵێم: مام وتی:

-زۆرم پێناخۆشە، نێوانمان بگاتە ئەم رادەیە، بەڵام بەقسەتان دەکەم، وا دەکەم

هەر ئەو شەوە، هەتا سێی بەیانی نەیهێشت بڕۆین، کۆمەڵێك باسی کۆنو نوێی هێنایەئاراوە (کاتی بڵاوکردنەوەیان دێ) منو کاك دلێر، بەوە نەوەستاین، دەمەوبەیانی سەردانی هەڤاڵ هێرۆمان کردو سەرگوزشتەکەمان بۆ گێڕایەوەو داوامان لێکرد، لەچارەسەرکردنی کێشەکەدا هاوکاریمان بکا، پەیمانی دا. دوای ئەوە چوینە لای کاك سەلاحەدینی موهتەدی بۆ هەمان مەبەست، ئەویش گفتی دا. هەردووکیشیان قسەکەیان بردەسەر. پاشان هەڤاڵانی تریش درێغییان نەکرد

کاك دلێر قسەکەی گەیاندبوو بە کاك نەوشیروانو ئەو برایانەی یاداشتەکەیان ئیمزا کردبوو. دوای رۆژێك من سەردانی کاك نەوشیروانم کرد، بەگەرمی لەسەر ئەو هەڵوێستانەم سوپاسی کردم. وتی

-هەر ئەمەم لەتۆ چاوەڕوان دەکرد. بەهەمووومان دەبێت کێشەکان چارەسەر بکەین

( 9 )

پاداشتی ناهەقی.. رق نییە، هەقە!!

ئێستا، کاتێك ئەم قسانە لەسەر خۆم دەخوێنمەوەو کاك نەوشیروان پێمدەڵێت: بەئاگاییەوە بۆتە پارێزەری دەعوایەکی ناحەق، نازانم چی دەرهەق بەم ناهەقییە بڵێم، کە دەرهەقم دەیکات. جگە لەوەی بڵێم

گەردنت ئازادبێت کاکە نەوە*، دڵنیابە، ئەگەر من مێژووبنووسمو سوود لەیاداشتەکانم وەربگرم، هەرگیز ئەم ناهەقیەت دەرهەق ناکەم. راستییەکان چۆن بوون، وەکو خۆیان باسیان دەکەم

لەکۆتاییشدا دەڵێم: لەم کاتەدا هەڵدانەوەی ئەم قەتماغانە، هەڵەیەکی گەورەیە، نەك بۆ یەکێتی، بەڵکو بۆ خودی گۆڕانیش. ئازاردانی شەهیدانو هەزاران پێشمەرگەی فیداکارو کەمئەندامە. خۆڕاگریی زیندانیەکانمانو ئەشکەنجەدانیان کەمبایەخ دەکات. بۆیە تکام وایە، لێرەوە کۆتایی پێبێنین. لێگەڕێین ڕۆژی خۆی بێتەپێشەوە، پێویست دەکات ڕاستییەکان بڵێین. ئێستا، با قوڵتر سەیری چۆنێتی ڕاپەڕاندنی ئەرکی دەستوورو چوونە ناو پرۆسەی هەڵبژاردن بکەین. ڕق هەڵڕشتن، دەبێتە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم نووسینی دەستورێکی گەلپەسەند. بڵاوکردنەوەی یاداشت لەهەلومەرجێکی نەگونجاودا، نەخوازەڵڵا یاداشتەکەش ئاوەها بێ، لایەنە نالەبارەکانی هێزە سیاسییەکان زاڵ دەکات. با ئەم قۆناغە تێپەڕێنین. با لەسەر سازانو هەموارکردنی دەستور لەناو پەرلەمان ڕێك بکەوین.
ئێستاش نەچووە بچێت، ئەو ئەرکانەی لەبەردەمماندا ماون، زۆرترنو تەواوکەری ئەرکەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانەو سیاسەتی دەستووریو حوکمڕانین. دەبا هەموومان تەواوی ئەو ئەرکانە بەپێی توانا ڕاپەڕێنین. تکام وایە، با ترازان، نەگاتە هەڵدێران. تکایە.

*کاکە نەوە: دەستەواژەیەکە مام جەلال لەساڵی 1977ەوە هەتا جیابوونەوەی گۆڕان بەکاك نەوشیروانی دەوت (کاکە نەوە، پێشمان کەوە)

سەرچاوە: کوردستانی نوێ

...

**لینک:**

- [نوسینەکەی نەوشیروان "پرۆسەی پێکهێنانی سەرۆکایەتی هەرێم"]()

بەڵگەکان"

- [ڕێکەوتنی نێوان مەسعود بارزانی و مام جەلال]()
- [نامەی مەسعود بارزانی بۆ مام جەلال 01/02/2005]()
- [نامەی مەسعود بارزانی بۆ مام جەلال 25/5/2005]()

www.peshmergekan.com